



## کەمال شاکر:

# پشتگیری لە کاک مسعود بارزانی دەکەین بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا

هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی پەرلەمان و مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی کوردستان و دەربارەی گرنگی ئەم پۆستە و رۆڵی سەرۆک بارزانی لەم پۆستەدا، بەرێز کەمال شاکر سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:

دیمانە/ نامق هەورامی

*** ئەمرۆ لەم هۆڵەی پەرلەماندا کۆبووینەتەوە بۆ مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرێزتان چۆن هەستی خۆتان دەردەبڕن؟**

– لە دیرۆکی گەلەکەماندا ئەمرۆ رۆژێکی مێژووییە کە ساڵەهای ساڵە خوێن و قوربانی دەدات لە پێناو ئازادیدا و ئەمە سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە خەباتدا.

دەستنیشانکردنی بەرێز کاک مسعود بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم و هەڵبژاردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و پێشتریش هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ سەرکۆماری عێراق هەنگاوی دڵخۆشکەرن و لە مێژووی ئێمەی کوردا رووداوی بەو شێوە دڵخۆشمان نییە.

بەهەموو لایەکەوە هەوڵ دەدەین رۆڵی پشتگیریمان هەبێت بۆ هەردوو بەرێز بۆ ئەوەی لە کارەکانیاندا سەرکەوتووبن.

پشتگیری لەکاک مسعود دەکەین بۆ دامەزراندنی موئەسەساتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا.

*** بوونی بەرێز مسعود بارزانی لەو پۆستەدا چۆن دەبینن؟**

– بە دڵنیاییەوە شتێکی گەورەیە و مەشخەڵێکە بۆ روونکردنەوەی خەباتی پارچەکانی تری کوردستان، کەسایەتی کاک مسعود لەوە گەورەترە باس بکرێت چونکە مرۆڤێکی تێکۆشەر و خۆی گوتەنی پێشمەرگەیە و کەسێکی حەکیم و خاوەن دەورێکی باڵا دەبێت بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق ببێتە هاندەر بۆ پارچەکانی تری کوردستان.

*** پاشەکشەی شیعەکان لەو رێکەوتننامەیەی لە نێوان لیستی کوردستانی و ئەواند کرا لەبری کار بۆ چەسپاندنی کەچی پاشەکشە و خۆدزینەوە هەیە، پێتان وایە ئەمە بە کوێ دەگات؟**

– ئەمە شتێکی تازە نییە، لە کۆنەوە ئێمە دەرکمان بەو راستییە کردووە کە بەتایبەتی لە کاتێکدا کە هەموومان پێکەوە لە ئۆپۆزسیۆندا بووین دەمانزانی ئەو هەڵوێستانە هەڵوێستی کاتی حوکمڕانی نابن چونکە هەڵوێستەکان لەکاتی ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ حوکمڕانی دەگۆڕدرێن.

نەهجی ئیسلامی سیاسی لەو مەسەلانەدا ئاشکرایە، ئەوان بەو شێوەیە سەیری خواستی میللەتی کورد ناکەن، بۆیە دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەین لەگەڵ دۆست و نەیارانی خۆمان و کار لەسەر ئایندەی خۆمان بکەین.

*** دروستکردنی بەرەیەکی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکان لەم قۆناغەی عێراقدا بە گرنگ دەزانن؟**

– قۆناغی ئەمرۆ فەرزی ئەوە دەکات کە دەوڵەتێکی دیموکراتی فیدراڵی، فرەیی کە گەلی کورد و عێراق دەیخوازێت، بۆیە کارکردن بەو ئاراستەیەدا کۆکردنەوەی ئەو پارت و رێکخراوانەی دەوێت کە بڕوای پتەویان بەو دروشمانە هەیە کە خواستی ئێمەن.

دیموکراسییەت بەبێ فیدراڵییەت ناچەسپێت، دیموکراسییەت بەبێ دانانان بە مافی گەلی کورد ناچەسپێت، بۆیە ئەو مەسەلەیە بە روون و ئاشکرایی بیری لێبکرێتەوە بەبێ ئەوەی بکەوینە ژێر گوشاری شەرم و موغازەلەوە.

**کەسایەتی کاک مسعود بارزانی لەوە گەورەترە باس بکرێت چونکە مرۆڤێکی تێکۆشەر و خۆی گوتەنی پێشمەرگەیە**